فڕۆشتنی سوتەمەنی بەکارتی ئەلیکترۆنی لە عێراق سەرکەوتنی بەدەستهێناوە



بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکانی عێراق رایگەیاند، ئەزمونی فڕۆشتنی سوتەمەنی بە شێوەی کارتی ئەلیکترۆنی لە وێستگەکانی سوتەمەنیدا لە عێراق سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە. دەڵێت، " تادێت ژمارەی بەکارهێنەرانی زیاتر دەبێت".

حسێن تالیب بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکانی عێراق رایگەیاند، فڕۆشتنی سوتەمەنی بە شێوازی ئەلیکترۆنی لە وێستگەکانی فڕۆشتنی سوتەمەنیدا لە بەغدا و سەرجەم پارێزگاکانی دیکەی عێراق سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە.

وتیشی،" تەنها لە مانگی دوانزەی ساڵی رابردوودا بەبەهای ٣٥٠ ملیۆن دینار سوتەمەنی بەشێوازی کارتی ئەلیکترۆنی فرۆشراوە".

ئەوەشی خستووەتە روو، سەرەتای ئەمساڵ بەشێوەیەکی زیاتر هاوڵاتیان روو دەکەنە بەکارهێنانی کارتی ئەلیکترۆنی بە کڕینی سوتەمەنی. دەڵێت،" هەموو کۆمپانیاکانی پارەدانی ئەلیکترۆنی لەلایەن بانکی

ناوندییو مەتیان پدراو".